کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-9-2007 19:05

## ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ستافێکی بی سەلیقە ... کاروان محمد

کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەوەندە بەندە بە ئارەزوی کەسی ڕۆژنامەنوسەوە ئەوندە بەند نییە بە ئەکادیمی بوون لەو بوارەدا. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەم بریتیە لە سەلیقە ی کەسی ڕۆژنامەنوس، کە بەرای من بڕبڕەی کارەکەیەتی. ڕۆژنامەی یەککگرتوو بەو حوکمەی سەربە یەککگرتووی ئیسلامییەو ئەم پارتەش خاوەن جەماوەری خۆیەتی و جارجار بۆنی "موعارەزە"بوونی لێدەکرێت. بمانەوێت و نەمانەوێت ڕۆژنامەکەی لە ئاست جەماوەریبون و یەککگرتووبوون و بانگەشەی"موعارەزەبونی" نییە. دڵنیام هەموو کەس ئازادەلە ڕەخنەگرتن لەم ڕۆژنامە، بەڵام ستافی ئەم ڕۆژنامەش ئازادن لەوەی کە تەنها یەك وەڵامی ئامادەوسواویان هەیە"کەمی ئیمکانیاتی ماددی و مرۆی و نەبونی چاپخانەی تایبەت و پاشکۆیەتی " بەڵام نهێنی لاوازی ڕۆژنامەکە هەرگیز ئەمانەنین، بەڵکو بێسەلیقەی ستافەکەیەتی.

چۆن؟؟ لەماوەی بەدواداچونم بۆ چەند ژمارەیەکی ئەم دواییەی ڕۆژنامەکە بە تەواوەتی بێسەلیقەیی ستافەکەی دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە لاپەرەی یەکەم کە گرنگترین شتی ڕۆژنامەیە، مانشیت و هەواڵی لاپەرەی یەکی ڕۆژنامەکە هیچ کات ڕەنگدانەوەی لایەنێکی وەك یەکگرتوو نییە. پێم وایە ئەم برادەرانە هەواڵی ئەمییندارەکەیان خستووەتە لاپەرەی دوو وادەزانن لێمۆندی فەرەنسیم بۆ دەردەکەن و ڕێچکەیان شکاندووە، بەڵام پێیان دەڵێم ئەگەر یەك تۆز خاوەنی سەلیقەی و پرۆفیشناڵ بن هەواڵیکت هەبێت پیرۆزبای لە سەرۆکی تورکیا بێت و خاوەنی وێنەیەکی تەواو گرنگ بیت ئایا ئەممە هەواڵی لیدە یان لاپەرە دوو؟؟ نازانم کاکە خەڵك چاوەری لە ئێوە ناکات ببنە هاولاتی و ڕۆژنامە، خەڵك چاوەری ی هەڵوێست و هەواڵی سیاسی پارتەکەتانە. ئەری یەککگرتوو خاوەنی چەند ڕۆژنامەیە تا تۆ بچیت کار لە سەر ئەو لایەنەبکەیت. لەمەش بێزەوقتر مەڵبەندێکت وێرانبکرێت و ئەندامێکت تیرۆربکرێت، کەچی مێشێك میوانت نەبێت و لە ڕۆژنامەی پارتەکانی دیکە هەواڵەکە بەتەواوی بزانیت! ئەری ئێوە بیرتان چووە خەڵك بۆ ڕۆژنامەی یەککگرتوو دەکڕیت؟ لەبەر ئەوەی ئاگای لە یەککگرتووی ئسلامی بێت نەك بزانێت ستراتیجیەتی یەکیەتی و پارتی دژ بە کێنییە! لە کاتێکدا سەرکردایەتیەکەتان قسەی زۆری لە سەردەکەن. ئەم ڕۆژنامەیە خاوەنی چەندین هەواڵ و ڕیپۆرتاژی گرنگە بەڵام لەبێسەلیقەی ئەو ستافە هەرچی هەواڵی نیۆرك تایمزهەیە بۆی بنێریت دەیمرینێت. باس لێرەدا هیچ کات ناگەڕێتەوە بۆ ماددە، تەنها زەوق و سەلیقەیە. ئەوەندەش کە من شارەزابم یەکگرتوو لەکەسی بە سەلیقەی کەمی نییە، بە ڵگەشم بوونی هەموو ئەندامانەی یەککگرتووە لە دەزگاکانی ئیعلامی ناوخۆی ئەم پارتەو دەرەوەیدا.

ناکرێت ڕۆژنامەیەکی حیزبی کە بانگەشەی ئامانجی گەورە دەکات بە ڕەخنەی دوو "ڕۆژنامەنوس" ڕێرەوی ڕۆژنامەکە بگۆڕیت کە هەموو شتێکە بەس گۆران نییە. دواجار لەم مانگەدا دوعای سەلیقەیەکی باش بۆ ئێوەی ستافی ڕۆژنامە یەکگرتوو (ئامین) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.